# سۆفیگەری

## شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا

د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان

هەولێر - چاپی یەکەم

2001



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
کوردستان ت. «٢٢٢٩٩٩٢»

e.mail:mukriani@yahoo.com

- کتێبی ژمارە: «٦٢»
- کتێب: سۆفیگەری
- نووسینی: د. ئیبراهیم شوان
- هونەرکاری: قاسم قادر
- چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠١
- ژمارەی سپاردن « ٢٥٥»ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.
- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

# ناوەڕۆک


پێشەکی ، أ-هـ 9

**بەشی یەکەم**

**کورتەیەک لەمێژووی سۆفیگەری بەگشتی و**
**لە کوردستانی عێراق بەتایبەتی** 15

– سۆفیگەری چییە؟ 17
– وشەی سۆفی 21
– پێناسەکانی سۆفی و سۆفیگەری 25
– سەرچاوەکانی سۆفیگەری 29
– بەڵگە قورئانییەکان 33
– بەڵگە لەفەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (د.خ) 34
– سۆفیگەری لای جوولەکە 35
– سۆفیگەری لای مەسیحییەکان 36
– سۆفیگەری لای ئێرانییەکان 38
– سۆفیگەری لە وڵاتی هیند دا 40
– سۆفیگەری لای یۆنانییەکان 42
– سەرهەڵدانی سۆفیگەری ئیسلامی 44
– لەزوهدەوە بەرەو سۆفیگەری 45
– جۆرەکانی سۆفیگەری 47
– قۆناغەکانی سۆفیگەریی ئیسلامی 47
– راستییەکانی سۆفیگەری لە سەدەی سێیەم وچوارەمی کۆچی دا 51
– رێگاکانی سۆفیگەری 56





– مەقامەکان 61
– حاڵەکان 65
– سۆفیگەری لەکوردستانی عێراقدا، 69
– تەریقەتەکانی سۆفیگەری لە کوردستاندا 71
– تەریقەتی قادری چۆن گەیشتۆتە کوردستان؟ 73
– چوونە ریزی تەریقەتی قادرییەوە 76
– تەریقەتی نەقشبەندی 77
– تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا 80
– پەراوێزەکانی بەشی یەکەم 85

**بەشی دووەم**

**بەراوردێ لەنێوان مەحوی ونەو شاعیرانەی**
**کاریگەرییان لەسەری هەبووە،** 103

– گوتەیەک 105
– مەحوی و سەعدی شیرازی 107
– مەحوی و حافزی شیرازی 119
– مەحوی ومەولانا جەلالودینی رۆمی 139
– مەحوی و شێخ مەحموودی شەبستەری 149
– مەحوی ومەولانا خالیدی نەقشبەندی 153
– مەحوی ومەنسووری هەللاج 164
– مەحوی و ئیبن عەرەبی 172
– پەراوێزەکانی بەشی دووەمی 177

**بەشی سێیەم**

**شیعری نایینی لەشیعرەکانی مەحویدا** 189

– شیعری ئایینی لەئیسلامدا 191
– شیعرە بڕواییەکان(العقائد) 196

–ستایشە پێغەمبەرییەکان (المدائم لنبويية) 197
– قەسیدەی (عقد العقائد)ی مەحوی و(جوهرة التوحيد)ی
شێخ ئیبراهیمی لەقانی 199
– قەسیدەی (بەحری نوور)ی مەحوی و
قەسیدەی (هەمزیە)ی شێخ محەمەدی بووسیری 213
– قەسیدەی (بەحری نوور)ی مەحوی و
قەسیدەی (بردیە)ی بووسیری 220
– شیعرە بڕواییەکان(العقائد): 227
**یەکەم:** شیعرە خواییەکان (الهيات) 227
**دووەم:** ئەو شیعرانەی کە لەبارەی
پێغەمبەرەوە گوتراون(نبويات) 253
**سێیەم:** شیعری باوەڕە گشتیەکان 262
–ستایشە پێغەمبەرییەکان (المدائح النبويه) 276
– پەراوێزی بەشی سێیەم 287
**بەشی چوارەم:** سۆفیگەری لەشیعرەکانی مەحویدا
– سەرەتایەک لەو نووسینانەی لەسەر 305
سۆفیگەری مەحوی نووسراون، 307
– چۆن بزانین شیعرەکانی مەحوی سۆفیگەرین؟ 323
– زاراوە سۆفیگەرییەکان لەشیعرەکانی مەحویدا 326
– حاڵ و مەقامەکان لەشیعرەکانی مەحویدا 343
– رابەری تەریقەت لای مەحوی 356
– بابەتەکانی شیعری سۆفیگەری 364
١– مەحوی وشیعری بێزاری لەنەفس و کۆمەڵ 367
٢– مەحوی و شیعری زوهدی سۆفیگەری 374
٣– مەحوی و شیعری سۆفیگەری 384
أ– خۆشەویستیی خوایی 385




ب – نەمانی پەردە 415
جـ – زاڵبوونی بینین(شهود) 417
د – ناسین،(المعرفة) 418
هـ – بێهۆشی سۆفی 419
– مەحوی و پەیڕەویکردنی شەریعەت 421
– پلەوپایەی شیعرە سۆفیگەرییەکانی مەحوی 423
أ– وەسفی سۆفیگەری 430
ب – خۆشەویستیی پیرو نیستی لەپیردا 437
جـ – خۆشەویستیی پێغەمبەرو نیستی لەودا 441
د – خۆشەویستیی خواو نیستی لەودا 445
– مەحوی و رێبازە سۆفیگەرییەفەلسەفییەکان 449
أ– مەحوی و یەکێتی بوون 450
ب – مەحوی وتێچوون 453
جـ – مەحوی ویەکێتی ئایینەکان 455
د – مەحوی و تیۆری مرۆڤی تەواو 457
هـ – مەحوی وراستیی موحەممەدی 458
و – مەحوی و مەلامەتییەکان 460
– پەراوێزەکانی بەشی چوارەم 462
– ئەنجام 483
– لیستی سەرچاوەکان 485
– کورتەی نامەکە بەعەرەبی 494
– کورتەی نامەکە بەئینگلیزی 498

## پێشەکی:

ئەوەی ئاشکرا یەمیللەتی کورد پێش ئەوەی کە ببێ بەئیسلام ، خاوەنی ئایین و ژیاری خۆی بووەو«زەردەشتی و جوولەکەو مەسیحی لەو سەرزەمینەدا باو بووە»[١] ، هەر کە عەرەبەکان هێرشیان هێنایە سەر نیشتمانی کوردو توانییان دوای جەنگ و کوشتار دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن، «کورد وەکو میللەتەکانی تری ئەو ناوچەیە بەئارەزووی خۆی ئایینی ئیسلامی وەرگرت و بەزەبری شمشێر نەبوو»[٢] ، ئەمەش بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** ئەو زۆر و ستەمەی کە لەساسانییەکانیان دیبوو لەبارەی سەپاندنی باجی قورس و بە کوشت دانیان لەجەنگدا ، ئەمەو جگە لە هەڵس و کەوتی «ستەمگەرانەی موغەکان کەپارێزگاری زۆری دەسەڵاتداریان دەکردو لەئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی کە هاتنی عەرەبەکان بە رزگاربوون بزانن»[٣].

**دووەم:** دادپەروەری و یەکسانیی ئیسلام. دوای ئەوەی سۆفیگەری لەناو موسوڵمانەکاندا چەکەرەی دەرکردو وەکو ڕێبازێ لە سەدەی سێیەمی کۆچی پەیدابوو ، ئێرانییەکان زوو قۆستیانەوەو لەگەڵ بیرڕوباوەڕی کۆنی خۆیان و فەلسەفەی ئیشراق تێکەڵاویان کردو جۆرە سۆفیگەرییەک هاتەکایەوە کە لەچوار چێوەی شەریعەت دەرچوو و کەڵە سۆفیی وەکو بەستامی و هەللاج رابەرییان دەکرد.

بۆ یەکەم جار ئەدەبی سۆفیگەری لەسەرەتاکانی سەدەی چوارمی کۆچی لە دوو بەیتییەکانی باباتاهیری هەمەدانی، ٣٢٤ک-٩٣٥ لد، ٤٠١ک-١٠١٠لد رەنگی دایەوەو بەم جۆرە ڕێبازو ئەدەبی سۆفیگەری خۆی لەناو کورددا دۆزییەوەو بەشێوەی لوڕی بناغەکەی دانرا ، دوای ئەمە سۆفیگەری شان بەشانی شیعری ئایینی لەئەدەبیاتی گۆراندا خۆی دۆزییەوەو سەر قافڵەکەی «مەلا پەرێشانە کەلەنیوی دووەمی سەدەی چواردەم ونیوەی یەکەمی سەدەی پازدەم»[٤] ، ژیاوەو «ئەدەبی ئایینی ومەزهەبی و گیانی سۆفیزم دەستی پێکرد»[٥] ئینجالەسەدەی حەڤدەی زایینی لەسەردەستی مەلای جزیری شیعری سۆفیگەری گەیشتە



لووتکەو دوای ئەمیش ئەحمەدی خانی لە ١٦٥٠-١٧٠٦لد بووە جێ نشینی، تا لە شێوەی هەورامیدا نۆرە گەیشتە سەر مەولەوی کە ١٨٠٦- ١٨٨٢ لد سوار چاکی ئەم مەیدانە بوو ، بەڵام لەشێوەی کرمانجی خواروو مەحوی[٦]١٨٣٢-١٩٠٦ لد شاسواری لێهاتووی سۆفیگەری بووەو لەدوای خۆی کەس تۆزی بەرپێی نە شکاندووە. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کەشیعری ئایینی لە بەرهەمەکانی ئەو شاعیرانەی باسکران بوونی هەبووە و سەرەتایەک بووە بۆ ئەدەبی سۆفیگەری .

ئێمەش کە نامەکەمان لەبارەی شیعری ئایینی وسۆفیگەریی مەحوییە، هۆی هەڵبژاردنەکەی لەخۆڕاو بێهوودە نییەو بۆ ئەم دوو هۆیە سەرەکییە دەگەڕێتەوە:

١- پەروەردە بوونم لەخێزانێکی ئایینی وای لێکردم لە ئاوێنەی غەزەلەکانی مەحویدا بوونی خۆم ببینم ولەسەرچاوەی زوڵاڵی شەرابی سۆفیگەری نۆش بکەم وتیری نیگای شیعرەکانی شوورەی دڵم بپێکێ وتیشکی باوەڕ تاریکستانی دڵم روون بکاتەوە.

٢- لەخوێندنەوەی شیعرەکانی مەحویدا هەستم بەوەستایی و لێزانییەکی مەزنی شاعیر کرد لەڕووی دارشتنی وشەی نوێ و داهێنانی. مەحوی لەزۆر شوێندا بەهۆی پاشگری(ستان) وشەی نوێی دارشتووە، وەکو(پێغەمبەرستان ل٤٤٠، چەمەنستان ل٤١٠، زوخاڵستان ل ٢٥٨ ، سەرابستان ل ٣٣ ، ظولمەتستان ل ٤٢٨ ، موشریکستان ل٢٧٨ ،وحووشستان ل ٢٥٠ ) ، هەروەها چەند وشەیەکی بەکارهێناوە ئەگەر بەزیادە ڕەوی نەزانرێ لەبەرهەمی شاعیرە کوردەکانی پێش سەردەمی خۆی نابینرێن، وەکو:( باخودا ل٣، بەپاکردن لەقەبر(بعث) ل٩١ ، پێش هات ل٨٨، خودابین ل٤٣٧ ، خودازان ل٤٣٧ ، خەزنە مەندل ٤٣١ ، درەختی منی ل ١٣٥ ، نا دیوەل٢٩٠ ، هەمیشە دەم ٩٨ ).

بەم پێیە گیرۆدەی داوە وردەکانی شیعرەکان بووم و هەستم بەئارامی گیانی دەکرد لە چواچێوەی دیوانە کەیدا ، بۆیە وەکو ڕێبوارێ بەرەوخانەقای غەزەلەکانی

چووم وخاکی ئەو بەردەرەم کردە کلی سۆمایی چاو.

بێگومان شیعرەکانی مەحوی فەرامۆش نەکراون وبەش بەحاڵی خۆیان لەسەریان نووسراوە، بەڵام زۆربەی نووسینەکان گشتین‌و نەچوونەتە ناخی سۆفیگەریی مەحوییەوە[٧]، بۆیە ئەو مافەم دایە خۆم کە مەلەوانی ئەو دەریایە بم ئەگەر بەختم یاربێ وبگەمە کەناری دەربازبوون.

لە لێکۆڵینەوەکەدا متمانە کرایە سەر دیوانی مەحوی مەلا عەبدول کەریمی مودەڕیس و تەنیا شیعرە کوردییەکان هەڵبژێردران، چونکە ئەگەر بەشە فارسییەکەی لەگەڵدا بایە نامەکە زۆر قەبەدەبوو و چاپکردنی لە توانادا دەردەچوو. لەبارەی ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندییان بە نامەکەوە هەبووە، چەند دانەیەکیان نەبێ، ئەوانی تر پەیداکران وتوانرا زانیارییان لێ وەربگیرێ، تەنیا هەندێ سەرچاوەی فارسی نەبێ کە بەم دواییە خێرەو مەندێ لە ئێرانەوە هێنای و خستنیە بەر دەستمان.

بەراستی جێی داخە ئەوەی تائێستا بەزمانی کوردی لەسەر سۆفیگەری نووسرابێ زۆر کەمە وبەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، بۆیە زۆربەی سەرچاوەکان عەرەبین.

**بەپێی سروشتی باسەکە، نامەکە کرایە چوار بەش:**

**بەشی یەکەم:** بریتییە لەمێژووی سەرهەڵدانی سۆفیگەری وپەیدابوونی وشەی سۆفی و بەکارهێنانی وەکو زاراوەیەک، دوایی بە تێروتەسەلی ڕۆڵی سۆفیگەریی ئیسلامی دەستنیشان کراوە لەسۆفیگەریی کۆزمۆسیدا وپەنجە بۆ ڕەسەنایەتیی درێژ کراوەو ئەمەش روون کراوەتەوە چۆن لەسەردەمی عەبباسییەکاندا بەهۆی بزووتنەوەی وەرگێران و جووڵانەوەی رۆشنبیری، سۆفیگەری سوننی لەقۆزاخەی خۆی نەما وسۆفیگەریی فەلسەفی لێ پەیدابوو لەسەر دەستی بەستامی و هەللاج دا.

دوای ئەمە باسی سۆفیگەری لە کوردستانی عێراق کراوەو ئەوە روون کراوەتەوەکە سەرەتا تەریقەتی قادری هاتۆتە کوردستان ودواییش نەقشبەندی،



جابە کورتی ناخۆشییەکەی نێوان مەولانا خالیدی نەقشبەندی وشێخ مارفی نۆدێهی باسکراوە کە هەریەکەیان رابەری تەریقەتەکەی خۆی بووە.

**بەشی دووەم:** بریتییە لە بەراوردێکی ئەدەبی لەنێوان مەحوی و ئەوشاعیرانەی کاریان لەبەرهەمەکانی کردووە، ئەمەش کراوەتە دووبەش:

أ-ئەو شاعیرە فارسانەی کاریگەرییان بەسەر مەحوییەوە هەبووە، بەتایبەتی سەعدی شیرازی وحافزی شیرازی و مەولانای رۆمی وشێخ مەحموودی شەبستەری، هەروەها شیعرە فارسییەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندیش خراوەتە ئەم تای تەرازووەوە چونکە فارسین.

ب-ئەو شاعیرە عەرەبانەی کە مەحوی ناویانی هێناوەو پێیان کاریگەر بووە لەمانەش هەللاج و (هەرچەندە بەڕەگەز فارسە، بەڵام شیعرەکانی عەرەبین) ئیبن عەرەبی. لەم بەشەدا بەیتە لێکچووەکان دەستنیشان کراون ولەلایەنی روخسارو ناوەرۆکەوە بەگشتی بەراورد کراون.

**بەشی سێیەم:** بریتییە لەلێکۆڵینەوەی شیعرە ئایینییە کوردییەکانی مەحوی، لەسەرەتادا نیاز وابوو ئەم بەشەو بەشی چوارەم لەیەک بەش دابن، بەڵام دوایی واپەسەند کرا کەلێک بترازێن وهەریەکە بکرێنە بەشێکی سەربەخۆ، چونکە بەپێچەوانەوە لاپەڕەکانی بەشی سێیەم یەکجار قەبە دەبوو و هاوکێشەی لەگەڵ بەشەکانی تر زۆر لەنگ دەبوو. ئەم بەشە بەپێی پێویست کرایە دووبەش:

١- لێکۆڵینەوەی شیعرە ئایینییەکان کەبریتین لەشیعری خواناسی و (الالهیات)شیعر لەبارەی پێغەمبەرەوەو (النبویات) شیعری باوەڕە گشتییەکان (العقائد العامة).

٢- بەراورد کردنی ستایشی پێغەمبەریی مەحوی (المدیح النبوی) لەگەڵ (جوهرة التوحید)ی شێخ ئیبراهیمی لەقانی و قەسیدەی (همزیە وبردیە)ی شێخ موحەممەدی بووسیری.

**بەشی چوارەم:** ئەمەیان درێژترین بەشەو لەشیعرە سۆفیگەرییەکانی مەحوی دەکۆڵێتەوە، سەرەتا بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ئەو نووسینانەی کە لەسەر

سۆفیگەریی مەحوی نووسران، دوای ئەمە هەوڵی ناسینەوەی شیعری سۆفیگەری دراوەو بەپێنج خاڵ ڕوون کراوەتەوە، ئینجا ئەو زاراوە سۆفیگەرییانەی کەلەچوارچێوەی دیوانەکەی مەحوی دان تۆمار کراون، سەرەڕای ئەمانەش هەوڵ دراوە حاڵ ومەقامەکان لەشیعرە کاندا بدۆزرێنەوەو بە نموونەوە نیشان بدرێن، سابەدرێژی باسی مەحوی و پەیوەندیی بەڕابەری تەریقەتی نەقشبەندییەوە کراوەو ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە مەحوی لەکۆتایی ژیانیدا تا مردنی بێ رابەر بووەو هەر بەو خەمەوە سەری ناوەتەوە.

دوای ئەوەی سۆفیگەریی مەحوی بەبەڵگەی تەواو سەلمێنرا، ئینجا بەرەو شیعرە سۆفیگەرییەکانی هەنگاو نراوەو بەدرێژی پۆلێن کران ولێیان کۆڵرایەوە.

غەزەلە سۆفیگەرییەکانی بەگشتی بەرەو دوو سەمتی سەرەکی دەچن:

ا- ئەو بەیتانەی کە مەحویمان وەکو سۆفیەکی پەیامدار بەشەریعەت پێ نیشان دەدەن وەکو شاگردێکی جونێد وشبلی وغەزالی و گەیلانی و بەهائەدینی نەقشبەندی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی دێنێتە بەر چاو.

ب- ئەو بەیتانەی کە بەرەو سۆفیگەریی فەلسەفیمان دەبەن و بەم تیۆرییانەمان ئاشنا دەکەن: تێچوون، یەکێتی بوون، یەکبوون، یەکێتی ئایینەکان، مرۆڤی تەواو، نووری موحەممەدی. هەروەها هەوڵدراوە پلەو پایەی سۆفیەتی مەحوی بەهۆی بەیتەکانییەوە دەست نیشان بکرێ وئاماژە بۆ نیستیی مەحوی بکرێ لەپیری تەریقەت وپێغەمبەرو خوادا.

## پەراوێز:

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تاریخ ادبی ایران، چاپ دوم، ج١، ادوارد براون، تهران، ١٣٣٥ ه.ش، ص ٢٩٨.



(٢) بەڵگەمان ئەم دەقەیە «چەبسا تصور کنند کە جنگجویان اسلام اقوام وممالک مفتوحەرا در انتخاب یکی از دوراه مخیر میساختند: اول قرآن، دوم شمشیر. ولی این تصور صحیح نیست زیرا گبرو ترسا ویهود اجازه داشتند آئین خودرا نگاهدارند وفقط مجبور بەدادن جزیه بدند». تاریخ ادبی ایران،ج١، ص٢٩٧.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (تاریخ ادبی ایران، ج١، ص ٢٩٩-٣٠٠)

(٤) لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، د. مارف خەزنەدار، چاپخانەی (المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة)، بەغدا ١٩٨٤، ل ١٠٨

(٥)سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

(٦) ناوی مەلا موحەممەدی کوڕی مەلاعوسمانی باڵخییەو لەبارەی لەدایک بوونی سێ رای جیاواز لە ئارادایە و ساڵەکانیش ئەمانەن«١٢٥٢ی‌ک/١٨٣٦-١٨٣٧ی لد، ١٢٤٦ک/ ١٨٣٠ی لد، ١٢٤٧ی ک/ ١٨٣١-١٨٣٢ی لد) باوکی خەلیفەی شێخ عوسمانی سیراجودینی تەوێڵە بووە و سەرەتا لای باوکی خوێندوێتی و بۆ خوێندن چووەتە سنەو سابڵاغ و لە بەغدا لای موفتی زەهاوی ئیجازەی وەرگرتووە.
لە ١٨٥٩ لە مزگەوتی ئیمامی ئەعزەم بووەتە مەلاو لە ١٨٦٢ی لد بەغدای بەجێ هێشتووە و هاتۆتەوە سلێمانی و بووەتە ئەندامی دادگا، لە ١٨٦٨ی لد بەهۆی مردنی باوکی دەستی لە کاری میری کێشاوەتەوەو بووەتەوە مەلا، لە ١٢٩١ی ک/١٨٧٤-١٨٧٥ی لد لەگەڵ چەند مەلایەک لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا دوور خراوەتەوە، لە ١٨٨٣ی لد چووەتە حەج و لەوێوە بەرەو ئەستەمبوڵ چووەو سوڵتان عەبدول حەمیدی عوسمانیی دیوەو سوڵتان ڕێزی گرتووەو لە سلێمانی خانەقایەکیان بۆ بنیات ناوەو مووچەیەکیشی بۆ بڕاوەتەوە. لەخانەقاکەیدا هەر خەریکی دەرس گوتنەوەو سۆفیگەری بووەو لە ساڵی ١٣٢٤ی ک/ ١٩٠٦ی لد وەفاتی کردووەو لە یەکێ لە ژوورەکانی خانەقاکەیدا نێژراوە. دیوانی مەحوی، مەلا عەبدول کەریمی مودەڕیس، پێشەکی، ل٥-٧.

(٧) ئەمە لەسەرەتای بەشی چوارەمی ئەم نامەیە درێژتر باسکراوە لە ل٣١٥-٣٣٤.